# بۆ کوردێکی ستۆکهۆڵمی...

**مەهاباد کوردی ١٩-٥-٢٠٠٣**

پاش سڵاو.. ئیمەیلەکەتم خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: سڵاو، بە لامەوە سەیرە کە بۆ بەرگی کتێبەکانی ترت دانەناوە، مەبەستم ئەوانی کە لەسەر پ. ک. ک و ئاپۆ نووسیوتن. ئەوانە بەشێکن لە تۆ، بە لابردنی ناوەکانیان ڕزگارت نابێت لە دەستیان. پاشان خۆ ئەگەر کارێکی باشت کردبێت ئەوە بووە. کوردێکی ستۆکهۆڵمی.

دیارە ئەگەر تۆ ئیمەیلەکەی خۆت یا ژمارە تەلەفۆنەکەت بۆ من جێ هێشتبا، ئەوسا دەمتوانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیت پێوە بکەم و هەرنا سڵاوێکیشمان لە یەکدی دەکرد. ڕاست دەکەم یان نا؟! دڵم دەڵێ تۆ دەمناسی، بەڵام بۆ ئازایەتیت نەکردووە تا وەک خەڵکانێکی دیکە ئیمەیل یا ژمارەی تەلەفۆنی خۆت بنووسی، ئەمەیان پرسیارێکە و ڕەنگە لە هەمان کاتیشدا نیوەی وەرامدانەوەکەی من بێ بۆ تۆ! زۆر بە داخەوە ئێمەی کورد دوای ساڵانێکی زۆر لەم ئەورووپایەش، کەچی هێشتا جورئەتی ئەوە ناکەین بە ڕاشکاوی شتەکانی خۆمان لە مستی ئەوی بەرامبەرمان بنێین!

بە هەر حاڵ لێرەدا من دەمەوێ بە کورتی وەرامت بدەمەوە: من، لەبەر هیچ شتێکی تایبەتی نا، بەڵکو تەنیا بەرگی هەندێ لەو کتێبانەم وەک نموونە داناوە و بەس. لام وابێ ئەم کارە چ عەیبێکی تێدا نییە و منیش تاکە نووسەر نیم کە تا هەنووکە شتێکی وەهام ئەنجام دابێ. تۆ دەڵێی: مەبەستم ئەوانی کە لەسەر پ. ک. ک و ئاپۆ نووسیوتن. جا نازانم لە بەکاربردنی ئەم ڕستەیەت تۆ بە هەڵەدا چوویت یان من؟ کاکی کاکم لەو حەفت کتێبەی، کە ڕووبەرگی پێشەوەیان نیشان دراون، دە خۆت پێم بڵێ: ئایا (گەشتێک بۆ باکووری کوردستان) و (حەفت هەرێمی باکووری کوردستان) و (چەند وتەیەک سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد)ی مامۆستای هێژا بێشکچی و (دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ بەڕێزان د. عیسمەت شەریف وانلی و د. ئیسماعیل بێشکچی) و (باکووری کوردستان: دوای ڕفاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلان)، دەبێ ناوەڕۆکەکانیان لەسەر چی بێ؟! تەنانەت وتارێکی ناو کتێبەکەی مامۆستا عیسمەت شەریف وانلیش(ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ستراتیژیەتی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و وتارێک سەبارەت بە ڕێپێوانی ئازادی)، کە لە زمانی عەرەبی کردوومن بە کوردی، هەر لەسەر هەمان مەبەستە کە تۆی وا مژووڵ یا هەراسان یا (نازانم چی و چی تر؟) کردووە. خاڵێکی دیکە کە هەر پەیوەندی بە مەبەستی تۆوە هەیە: من هاتووم ڕووبەرگی یەکەمین بەرهەمم تا نوێترین بەرهەمم داناوە. لەوانەیە ئەم شتەش سەری لە تۆ شێواندبێ. دەڵێم لەوانەیە؟

هەروەها دەبێژی: ئەوانە بەشێکن لە تۆ، بە لابردنی ناوەکانیان ڕزگارت نابێت لە دەستیان. ئەگەر کابرایەکی سوێدی ستۆکهۆڵمی نەک هەر (کوردێکی ستۆکهۆڵمی) ئەم ڕستەیە بخوێنێتەوە، بڕوا بفەرموون وا تێدەگات کە مەهاباد کوردیی نووسەری ئەم چەند کتێبانەی کە ناویان هاتووە کەسێکی تاوانبارە. جارێ بەر لە هەر شتێ من چ تاوانێکم ئەنجام نەداوە تا هەوڵی ئەوە بدەم خۆم (لە دەستیان ڕزگار بکەم). هەر بۆ ئاگاداری خۆشت من نەک شانازی بە نووسین و بەرهەمەکانی خۆمەوە دەکەم و بە بەشێکیش لە خۆمیان دەزانم و بەس، بگرە لە چەندین جێگادا گوتوومە و نووسیومە: پ. ک. ک یان هەر ڕێکخراو و حیزب و سەرکردە و لایەنێکی دیکەی کوردستانی، کاتێ کارێکی وەڵاتپارێزانە و کوردستانییانە ئەنجام دەدەن یا کە ئەنجامیان داوە، ئەوا من وەک کوردێک بە قەد بەرزایی چیای سەرکەشی گری داخ(ئەرارات) سەرم پێیان بڵند دەبێ. لێ لەهەمان کاتدا هەر کە

به خواری پێ دابنێن و، لەژێر هەر ناو و پەردەیەکەوە ناپاکی و خیانەت لە دۆز و نەتەوە و نیشتمان بکەن، ئەوکات ماڵم قەبرە، هەمووش چاک دەزانن، تا هەنووکە بێدەنگ نەبوومە لێیان. باوەڕیش ناکەم بێدەنگ بم لێیان. ئەوانەی کە بە جاران دەگەڵ مەهاباد کوردی دانیشتوون و دانووستانیان بووە، دەزانن ناوبراو کەسێکی خۆڕەپێشکەر نییە و بە ئاسانیش نایەتە ڕایێ! گومانم لەوەدا نییە کەسی ئیمەیلنووسی بێ ناوونیشانیش ڕێک و ڕەوان لێم تێدەگات.

لەسەر مەسەلەی کارێکی باش دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم: ئەوە خوێنەرە بڕیار دەدات داخوا من کارێکی چاک یان خراپ ئەنجام دەدەم. خۆ ئەگەر هەر مەراقیشتە ئەم شتە بزانیت: لێت یەقین بێ زیاتر لە سەدا نەوەدی ئەو ئیمەیلانەی کە بۆم دێن دەستخۆشیم لێ دەکەن.

دیسان هەر بۆ ئاگاداریت: لە دوایین بەرهەمی خۆمدا ناوی یەکە بە یەکەی بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆمم لەسەر ڕووبەرگی پشتەوەی کتێبەکە نووسیوە! لە چەندین شوێنی تریشدا هەر هەمان کارم ئەنجام داوە. قەناعەتم بە شتێکیش نەبێ نە خۆمی پێوە ماندوو دەکەم و نە سەری تۆ و خوێنەرانیشی پێ گێژ دەکەم.

لە کۆتاییدا تکات لێ دەکەم: ئەگەر ویستت ئیمەیل بۆ من یان هەر کەسێکی دیکە بنێری، خراپ نابێ ئیمەیلەکەی خۆشتی دەگەڵدا بنووسی! وەک هەر جارێکیش ئەوەش ئیمەیلەکەی من:

mehabadk@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت